# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com

.................................................................................................

" 13 ""

## لاوان و گیروگرفتەکانی سەردەمی جیهانگیری

### قەیرانی ڕژێمی سیاسی وسیستەمی فێرکردن و مەعریفە، هەلی کارکردن، برسیەتی و هەژاری

هاشم زێباری



زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا هۆکاری شکاندنی سوپای وڵاتی فەرەنسا لە لایەن هێزەکانی ئەڵمانیای نازییەوە و داگیرکردنی ئەم وڵاتە بۆ هۆی لاوازی بیری وڵاتپاریزی لە ناو لاوانی فەرەنسا دا دەگەڕێتەوە و بڵاوبوونەوەی دیاردە نێگەتیڤ و کاری بەدڕەوشتی لە کومەڵگای فەرەنسا ئەو سەردەمە هەر ئەوەشە بووە هۆی بێ ئیرادەیی لاوانی فەرەنسا لە بەرامبەر نەیارەکانیدا. ئەو بیرۆکەیە تا بڵێی مەعقولە، چونکە و اقیعی ئەو سەردەمە رەنگە هەموو کۆمەڵگاکان پێویستیان بە رووحیەتی شۆڕشگێری و بەرخودان و فیداکاری هەبوو بێت بۆ و ەڵام دانەوەی هەڕەشە و کێشەکانی ئەو سەردەمە کە لە راستیدا شەڕێك بوو بۆ مان و نەمانی وڵاتان و نەتەوە ژێردەستەکانی دنیا.

سەدەی بیستەم بە خوێناویترین سەدە لە قەڵەم دەدرێت و لە هەمان کاتیشدا بە سەدەیەکی زێرین دەژمێردرێت بە

هۆی ئەو هەموو پێشکەوتنە کە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژی روویداوە و خزمەتی بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی گەیاندوە، بەڵام کێ دەتوانێت ئینکاری ئەوە بکات کە رووداو و هەردوو شەڕی جیهانی و کێشە و ناکوکییە هەرێمییەکان گیانی دەیان ملیۆن مرۆڤ و بەتایبەتی لاوان لە ناوبردو تا بڵێی سەدەیەکی خوێناوی بووە .

بەڵام کێ بەرپرسە لە بەرامبەر نزمبوونەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتی لاوان لە بەردەم پرسەکانی نیشتمانی و نەتەوە تا کار بگاتە ئەو ئاستەی کە هیچ ڕامان و شوناسێك بۆ ئینتیما و خاك و وڵات نەمێنت، بەڵکو تەنها بیر لە ڕاکردن و گۆشەگێری و نائومێدبوون و کۆچبەری بکرێتەوە. لە ناو وڵاتانی ناوچەکە دا بە هەرێمی کوردستانەوە گەندەڵی سیاسی و ئەخلاقی و ئیداری ئەوەندە بڵاوبۆتەوە کە خەریکە هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دوا رۆژمان بکات و ببێتە هۆی لە دەستدانی باشترین هێزی کار کە ئەویش توێژی گەنجانە. دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا و بۆ ماوەی زیاتر لە (15) ساڵە نەیتوانیووە ئاواتەکانی گەنجان بهێنێتە دی بۆ مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی و دابین کردنی کار و مافەکانی هاوڵاتیبوون تا هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات، بەرامبەر بە خاك و نیشتیمان. کەسم نەبینیووە بە من بڵێت لە باردۆخی ئێستا و رابردووی کوردستان رازیم .

لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە سەدەمێکدا دەژین کە پڕە لە هەڕەشە و گۆڕانکاری لە ئەنجامی جیهانگێری و پێشکەوتنی ئابووری جیهانی و دروستبوونی تەکتولاتی هەرێمی و نیودەوڵەتی و ێرای بەرفراونبوونی بۆشایی خوشگوزەرانی لە نێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو وڵاتە هەژارەکان دا. جیهانیگری ئێستا بۆتە چەکێکی دووسەرە، لە لایەك خۆشگوزەرانی پەیداکردووە و ئاستی رەفاهیەت لە سەر تاسەری جیهان باشترە لە جاران و مرۆڤ لە هەر شوێنێك بێت دەتوانێت وەکو مرۆڤێکی جیهانی هەست بکاتەوە و گرنگی بە هەر رووداوێك و گوڕانکاریەك بدات، چونکە هەست دەکات، ئەو بەشێکە لە رووداوەکە ئینجا چ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخو. لە لایەکی دیکەوە جیهانێگری بووەتە هۆی نانەوەی کێشە و ئاڵۆزی لە سەر ئاستی ناوخۆیدا کە خۆی لە سەپاندنی رۆشەنبیرییەکی رۆژئاوایی بەسەر هەموو جیهاندا دەبێنێتەوە و خەریکە رۆشنبیری ناوخۆیی لە ناو ببات، یان فەرامۆش بکات، زێدەباری لاوازکردنی ژێرخانی ئابووری و بەروبەرهەمی ناوخۆی و ئینجا نزمبوونەوەی ئاستی داهاتی نیشتیمانی و بێکاری لە ناو گەنجان دا بە هۆی نەبوونی هەلی کاردن و لە ئەنجامدا کومەڵگایەکی ئیستیهلاکی دروست دەبێت و وەکو کومەڵگای کوردستان کە لە جیاتی ئەوەی ئێمە سوود لە تەکنۆلۆژیای سەردەم و وەربگرین بۆ پێشخستنی ئابووری و سەرمایەی مرۆڤی و زیادکردنی بەرهەمی مەعریفی . زانستی وڵات، ئێمە تازە بە تازە خەریکی دروستکردنی سوپەرمارکێت و بازاڕی هاوچەرخین بۆ مەبەستی سەرف کردنی کاڵا و شمەکی بیانی بە شێوەیەك کە کوردستان بووەتە (سوپەرمارکێتکی گەورە).

ولە بەرئەوەی مەبەستمان خستنەڕووی کێشەکانی لاوانە و چارەسەکردنیان لەم لێکوڵینەوەدا، لێرەدا مەحالە دوور

لە باسکردن لە سیستەمی سیاسی وڵات ئێمە بتوانین چارەسەرییەکان بدۆزینەوە، چونکە سیستەمی بەڕێوبردنی دەسەلات رەنگدانەوەی هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانە، لە بەر ئەمە پێویستیمان بە پیادەکردنی پرنسیپەکانی حوکمی باش (Governace Good) و لێپرسینەوە و شەفافیەت (Transparency) و سەروەری یاسا و زیادکردنی بەشداری سیاسی لاوانە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دا کە بێگومان لە کوردستان دا ئەمانە بەدیناکرێتن لە بەڕێوبردنی دەسەلات دا و تا ئێستاش مەحسوبیەت و تەزکیەی حیزبایەتی و خزم خزمکاری و کەمی مووچە و دوورخستنەوی کادری بە توانا و فەراموشکردنی بواری پەروەردە و فێرکردن و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت و نەڕاگەیاندنی بودجەی ساڵانە لەبەردەم خەڵك ..وتد هەموو ئەمانە خەسڵەتەکانی دەسەلاتی کوردستان پێکدینن، لە ژێر سیبەری ئەم شێوە دەسەلاتەدا تو بڵێی ئاواتەکانی گەنجان بێتەدی ؟

سیستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن: لە نێوان رابردوو و سەردەمی جیهانگیری دا

هەروەکو پێش ئێستا ئاماژەمان پێکرد کە لە ناو زۆر لە ناوچەکانی جیهان دا جیاوازی دەکرێت لە نێوان رەگەزەکان دا لە بواری فێرکردن و بەدەستخستنی بڕوانامەکان و شادبوون بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان، یان سیستەمەکانی فێرکردن لە ناو هەندێك وڵاتاندا سەرچاوەی تیرۆر و توندوتیژین بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ نموونە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەو رۆژهەلاتی ناوەڕاست پێویستیان بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سیستەمەکانی خوێندن دا و سوود لە ئەزموونەکانی وڵاتانی جیهان وەربگرن کە لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا دەستیان پێکردبوو و ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانە دەبینن کە بوونەتە سەرچاوە بۆ بەرجەستەکردنی دیموکراسیەت و ماڧ مرۆڤ و گیانی لیبووردەیی و پەروەردەکردنی نەوەی سەردەم بە بەرنامەیەکی مەدەنیانە، وڵاتانی ناوچەکە تا رووداوەکانی 11 سێپتەمبەری 2001 هەست بە مەترسییەکانی مانەوەی بەرنامەکانی سیستەمی خوێندن لە ناو جیهانی ئیسلامیدا نەدەکرد و بە پیلان و دەستتێوەردانی وڵاتانی گەورە و خۆرئاوایی ناودەبرد بە بیانووی قەلاچۆکردنی تیرۆر و تیرۆریزم لە جیهاندا، و بە چاوی خومان دەبینین کە وڵاتانی ناوچەکە و خۆرهەلاتی ناوەڕاست چوون بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ بڵاوبوونەوەی تیرۆر و توند و تیژی لە هەموو بوارەکان دا، لە لایەکی دیکەوە هەموو حکومەتەکانی ناوچەکە بودجەی پێویسیت بۆ بواری خوێندن و پێگەیاندن تەرخان ناکەن هەروەکو چڕن بۆ بوارەکانی تر و وەکو سەربازی و ئاسایشی ناوخوی تەرخان دەکەن، ئەمەش بە روونی لە ناو پرۆژەی خورهەلاتی گەورە دا ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت (ریژەیی خەرجیاتی تەرخانکراو بۆ سیستەمی خوێندنی سەرەکی لە لایەن حکومەتەکانەوە کەم کراوتەوە بە هۆی زیادبوونی حەز و خواستی پەیوەنیدکردن بە ناوەندەکانی خوێندن کە لە ئەنجامی زیادبوونی رێژەیی دیمۆگراڧ وڵاتانەوە دروست دەبێت، هەروەها ئیعتیباراتی کلتووری تەگەرەن بەرامبەر فیربوونی کچاندا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش وڵاتانی گروپی هەشت وڵاتە پێشەسازیەکان دەستپێشخەریەك بۆ گەشەپێدان بە سیستەمی فێرکردن لە ناو وڵاتانی ناوچەکەدا دەخاتەڕوو

که به شێوەیەکی سەرەکی لاوان سوودمەند دەبن. رۆشنبیرانی عەرەب لە لایەن خۆیانەوە بە راشکاوی باسی پاشکەوتنی سیستەمی پەروەردە دەکەن لە ناو وڵاتەکانیان دا، (د.محەمەد جواد رەزا) لە کوێت سەبارەت دواکەوتنی سیستەمی خوێندن لە ناو وڵاتانی عەرەبی دا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئاسیایی دوو ئەگەر دەخاتە بەرچاو یەکەم :ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە هەر لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە کە دانراون هیچ پێداچوونەوەیەکی گشتی بە سەر دا نەکراوە لە بەر ئەمە کەسێك نازانێت سوود و ئیفرازاتەکانی ئەم سیستەمە چین و چۆنە، دووەم : ئەمەیە کە بە درێژایی (80)ساڵی رابردوو سیستەمی پەروەردەی تێکەڵ بە سیاسەت کراوە و لە ناو (سیاسەت کردن) دا ونبووە .لە لایەکی ترەوە (د.عەبدوڵلا عەبدولدائم)کە یەکێکە لە ناودارترین شارەزایانی بواری پەروەردەیی عەرەب لە چەرخی بیستەم دا ناچاربوو لە ساڵی (1993)بنووسێت و بڵێ : کە پەروەردەی عەرەبی پرۆسەیەکی رێکخراو بوو بۆ مەبەستی(( تیرۆرکردنی عەقل و دەروون و ویژدان )). لە ناو راپورتی گەشەپێدانی مرۆڤی لە وڵاتانی عەرەبی بۆ ساڵی2002 دا هاتووە کە گەورەترین کێشەکانی سیستەمەی خوێندن لە ناو وڵاتانی عەرەبی دا بریتیە لە خراپی جۆری خوێندن زیدەباری دابەزینی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەم بوارە هەر لە ساڵی 1985وەو تا ئێستا،سیستەمی خوێندن لە ناو وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە دا ئارمانجی گەشەسەندن و مرۆڤایەتی لە دەستداوە بە هۆی ناڕێکی و مەترسی جۆری سیستەمەکە کە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەم ئارمانجە و لە دەستدانی هێز و تواناکانی مرۆڤایەتی. لە ناو راپورتی گەشەپێدانی مرۆڤی عەرەبی دا هاتووە کە (کە پرۆگرامەکانی خوێندن لە ناو ئەم وڵاتانە دا نەریت و بەهایی ملشۆڕی و پەرستن و تەبعیەت دروست دەکات و نابنە پاڵدەر بۆ دروستکردنی بیری ئازاد و رەخنەگرانە، و حەزی سەربەخۆی وداهێنان دەکوژرێت). بێگومان سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە موعاناتی هەمووو کۆمەڵ و بە تایبەتی گەنجان، و ئەو سیستەمەی ئێستا مرۆڤی بە توانا و پڕ بڕوابوون بە ئایندە دروست ناکات، بەڵکو مرۆڤی تەمبەڵ و کەم دەرامەت و بێ توانا بەرهەم دەهێنێت.

ولە لایەکی ترەوە کێشەی نەخوێندەواری یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکان کە ئەمڕۆی لاوانی هەموو تووشی هاتوون، بۆ نموونە لە ساڵی (2000)دا ژمارەی ئەو کچە لاوانە کە نەخوێندەوارن گەیشتە (82)ملیۆن و لاوانی کور (51)ملیۆن لە سەر ئاستی هەموو جیهان، و ئێستا بە پیی راپۆرتەکان ژمارەی ئەو منداڵانەی کە پەیوەندییان بە خوێندنەوە نەکردووە دەگاتە (130)ملیۆن منداڵ وبەیانی دەبنە لاوانی نەخوێندەواری دواڕۆژ، و لەم ژمارەیەدا بۆشایەکی گەورە لە نێوان کچان و کورانی گەنج دا هەیە سەبارەت رێژەکانی نەخویندەواری و لێرەدا سیستەمەکانی خوێندنی رەسمی ئەو گرنگیەی نامێنێت لە ناو ئەو کلتور و رۆشنبیریانەی کە داکۆکی لە سەر رۆلی خێزان وکومەڵگای لۆکال دەکەن سەبارەت پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.لەگەڵ هەموو ئەم چەندەدا هەموو لایەك لە سەر ئەمە کۆکن کە دەبێ فێرکردن و زانین پرەنسیپی خوێندنەوەو نووسین و پرنسیپی بیرکاری شتی هەرە پێویست بن بۆ

لاوان و نابێ لیێ دەستبەرداربین، هەر چەندە سیاسەتی فێرکردن و دابینکردنی خوێندن پێویستە لەگەڵ راستیەکانی واقیعی ژیانی لاواندا بگونجێت، وئەمەش تەنیا بە رێگای سیستەمەکانی فێرکردنی رەسمیەوە دابین دەکرێت. پێویستە داکوکی لە سەر ئەوە بکرێت کە جێبەجێکردنی پروگرامەکانی خوێندن کە بە درێژایی ژیان بەردەوام دەبێت رەنگە قازانجێکی باش بەدەستەوەبێنن. بۆ نموونە رەنگە بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناو ئەو جۆرە وڵاتانە دا دەژین کە سیتسەمی فێرکردن بە خوڕایی نییە دەرفەتێك بێت بۆ بەدەستخستنی فێرکردنێکی بەردەوام، کێشەی بوونی تەقلیدیانەی خوێندنگای رەسمی چارەسەربکات بە تایبەتی لە ناو ئەو جێگایانەی کە دوورن لەو ژینگانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی، نەخاسمە لە سەر شانی لاوان لە ناو وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا ئەوانەی کە تووشی فشاری زۆر دەبن بۆ دابینکردنی نانی رۆژانەیان. لە بەر ئەمە پێویستە گۆڕان لە سیستەمی خوێندندا بکرێت، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش لە بەردەم گەنجان دا بکرێتەوە وببنە فاکتەری ئەکتیڤ و داینەمۆی هەموو گورانکارییەکان لە ناو کومەڵگادا .

***لاوان و هەلی کارکردن*** :.

گرفتێکی دیکە کە روو بەڕووی لاوان دبێتەوە چۆنیەتی بەدەستخستنی هەلی کارکردنە بۆ ئەوان، لە کوردستاندا و لە ئەنجامی نەبوونی پلان و ژێرخانێکی ئابووری بە هێز حکومەتی هەرێم ناتوانێت کێشەی بێکاری چارەسەربکات، لە جیاتی ئەوەی گەنجان فێر بکرێن کە چۆن خۆیان پێبگەیێنن و تواناکانی خۆیان بە هێزبکەن و هەوڵبدەن ئیش بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە کەرتی تایبەت دا، زۆربەیان پەنایان بردووتە بەر کاری حکومی و پۆلیس و ئاسایش و گاردی نیشتیمانی، و ئیتر بۆ چ مەبەستێك پەرە بە بوارەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی و کاسبی بدرێت، کە هەموو شتێك لە بازاڕدا هەیە.

بە پێی ئاماری رسمی ئێستا لاوان رێژەی (40٪)لە سەرجەم ژمارەی بێکاران لە جیهاندا پێکدەهێنن، کەواتە ژمارەی ئەو لاوانەی کە بێکارن لە هەموو جیهان دا دەگاتە (66)ملیۆن کەس واتە رێژەی (50٪)کە لە ناو هەندێك وڵاتدا رێژەکە دەگاتە (15٪).

دیاردەی بێکاری نێو لاوان دا دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاژاوەیی کۆمەڵایەتی و بە فیڕۆدانی توانستەکان. لاوان لە ناچاریەوە پەنا دەبەنە بەر کاری نا رەسمی بۆ بەدەستخستنی نانی رۆژانە، چونکە لەگەڵ گەشەکردنی بەردەوام لە ئابووریدا بەڵام بوار بۆ وەرگرتنی لاوانی نوی وەك هێزی کار لە بازاری کاروکارخستندا، لە بەر ئەمە لاوان پەنا بۆ بوارەکانی غەیرە رەسمی دەبەن. لە وڵاتانی خاوەن ئابووریەکی ئازاد (کار) وەکو هەر کالایەك دەکەوێتە ژێر میکانیزمی بەهاکاندا کە کرێی رۆژانە دیاری دەکرێت بە رێگای هەردوو هێزی (خواست ونیشاندان)،بەڵام لە ناو وڵاتانی خاوەن ئابووریەکی تێکەڵاو (مختلگ) کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە هاوسەنگیەك لە نێوان سیستەمی ئابووری ئازاد و ئابووریەکی ئاراستەکراو و نەخشە بۆکێشراو پەیدادەکەن بۆ مەبەستی پشتگیرکردنی لە

چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە رێگای دابین کردنی زەمانی کۆمەڵایەتی وئیعانەی بێکاری کە ئێستا لە لایەن هەموو حکومەتەکانی سوسیال . دیموکراتەکانی ئەوروپاوە جێبەجێ دەکرێت. بەڵام زۆربەی جاران حکومەتەکانی دنیا بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە نێو لاواندا تەرکیز دەکەنە سەر لایەنی (نیشاندان . SUPPLY) نەك لایەنی (خواست . Demand)بە بەهانەی نەبوونی توانا وشارەزایی لە نێوان لاوان دا لە جێگای تەرکیز کردن لە سەر بەهێزکردنی گەشەکردنی ئابووری و دابین کردنی هەلی کارکردن. لێرەدا پێویستە گرنگی بە فێرکردنی لاوان بدرێت پێش ئەوەی بخرێنە ناو بازاڕی کارکردنەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە فێرکردن و پەروەردە رامانی ئەمانەن:

- ***بەرهەمداری زیاددەکات .***
- ***زیادکردنی وەبەرهەمهێنان و دەستکەوت.***
- ***یارمەتی دەدات بۆ گۆڕینی تەکنۆلۆژیا .***
- ***توانا وبەهرەی تاکەکەسی زیاددەکات .***
- ***کاریگەری بە سەر خواستی تاکەکەسی و پێشبڕکێ وداهێنان دەکات .***
- ***هانی پشگیرکردنی ژنان وکچان دەدات لە چالاکی ئابووری .***
- ***پەیوەندی بە پێشبینی کردن لە ژیانەوە هەیە.***
- ***زاو زێ کەم دەکاتەوە و بەکار هێنانی تەکنیکیەکانی نەهێشتنی سکپڕبوون باشتر لێدەکات.***
- ***دایك وباوکی خوێندەوار دەتوانن جۆری منداڵ و پێگەکەی لە ناو کۆمەڵ دا بەرزبکاتەوە.***
- ***کاریگەری دەکاتە سەر کۆچبەری وبەرهەم زیاد دەکات .***
- ***دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ باشتر دابەشکردنەوەی داهات .***
- ***گرەنتی دەستخستنی کار لە ناو کەرتی گشتیدا.***

***لاوان و کێشەی برسیەتی وهەژاری:***

هەژاری بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوگەنجان دا بڵاوبووەو لەسەرتاسەری جیهاندا، بۆنموونە ژمارەی ئەو گەنجانەی کە هەست بە برسیەتی و کەم خۆراکی دەکەن گەیشتۆتە (28 )تا (110) ملیۆن کەس، بەڵام ئەگەر هەژاری بە پێی داهاتەوە قیاس بکەین و بە پێی ئاماری رەسمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2003 ژمارەی ئەو گەنجانەی کە داهاتی رۆژانەیان کەمتر لە یەك دولار گەیشتۆتە (238)ملیۆن کەس، بەڵام ژمارەی ئەوانەی لە سەر دوو دۆلار دەژین بە (462)ملیۆن گەنج تەخمین کراوە. لێرە پێویستیمان بە زیاتر لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە بۆ زیاتر دەرخستنی مەینەتییەکانی لاوان بە تایبەتی لە رووی کەمی خۆراکەوە. ئەم ژمارانە زیاتر ئێمە هاندەدات بۆ روو بەڕووبوونەوەی

ئەو هەڕەشە ومەترسیانەی کە لە سەر لاوان هەن بە تایبەتی هەژاری وکەم دەرامەتی.

رووبەڕووبوونەوەی هەژاری، لاوان پەنایان بردووەتە بەر دیاردەی کۆچبەری و ڕاکردن بۆ ناوچەکانی دیکەی دنیا بۆ باشترکرنی باری گوزەرانیان، و رەنگە هەندێك جار هەلی کارکردن لە ناوچە لادییەکان زیاتر بێت لە ناوچە شارستانییەکان، چونکە دیاردەی بێکاری لە ناو شارەکان دا بەربڵاوە و هەلی کارکردن لە لادێیەکان زیاترە بۆ ئەو گەنجانەی کە بێکارن، هەروەها سەبارەت بەو گەنجانەی کە روودەکەنە وڵاتانی دەوڵەمەند کە هەلی کارکردن و کرێ بۆ سێ قات زیاترە لە وڵاتانەی کە لێی هاتوون. لێرە سیاسەتەکانی گەشەپێدان لە ناوچە لادییەکان هۆکاری سەرەکییەکە بتوانن بە هۆیەوە رێگا لە بەردەم کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار بگرێت.

ئەم پێشبینی و ژمارانە خۆی لە خۆی دا گرنگن بۆ ئەوانەی کە بڕیار و سیاسەتەکان دروست دەکەن، چونکە چارەسەرکرنی گیروگرفتەکانی لاوان لە دواڕۆژ دا دەبێتە وەبەرهەم هێنان و کەسانی و ەبەرهەمهێنەر کە خزمەت بە هەموو کۆمەڵگا دەکەن.